سەرۆک کۆمار و مالیکی جەخت لەسەر یەکخستنی هەوڵەکان دەکەنەوە بە پاراستنی سەروەری عێراق

ئەمڕۆ چوارشەممە "عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید"سەرۆک کۆمار،و "نووری مالیکی" سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، دەخی ناوخۆی وڵات و پێویستی گەیشتن بە تەبایی نیشتمانییان تاوتوێ کرد، کە ببێتە هۆی یەکلاییکردنەوەی ئیستیحقاق دەستوورییەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە،تیایدا ڕایگەیاندوە : "عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید"سەرۆک کۆمار ، پێشوازی لە "نووری مالیکی " سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا کرد.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە : لە میانی دیدارەکەدا، دەخی ناوخۆی وڵات و پێویستی گەیشتن بە تەبایی نیشتمانی بە یەکلاییکردنەوەی ئیستیحقاق دەستوورییەکان تاوتوێ کران، هەروەها دەخی ناوچەکە و ئەو پێشهاتانەی بەخەرایی ڕوو دەدەن و کاریگەرییەکانیان لەسەر عێراق گفتوگۆیان لەسەر کرا.

هەر بەگوێرەی بەیاننامەکە: جەخت کرایەوە لەسەر پێویستی یەکخستنی هەوڵەکان نەوان هێزە سیاسییەکان بە شێوەیەک کە ئاسایشی وڵات بپارێزێت و سەروەرییەکەی مسۆگەر بکات، و گەرەنتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییە جیاوازەکان بە گیانی هاوکاری و بەرپرسیارێتی نیشتمانی بکات.